# ئاینده

**خاوەنی ئیمتیاز:** بەیان نوری تۆفیق

**سەرنووسەر:** هەلاڵە محەمەد ئەڵماس
٠٧٧٠٣٦٧٥٠٥٥
halalaalmas@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین:** چیا حەمەعەلی
**تایپیست:** دەشنێ عوسمان
**نەخشەساز:** شێرکۆ خانزادی

ژمارە (١٤٧) ساڵی سیانزەیەم، یەکشەممە، ٢٠٠٩/١٢/٦

**ناونیشان:** سلێمانی . کانێسکان . مەکتەبی سکرتارییەتی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان . خوار یەکێتی مامۆستایانی کوردستان
www.khushkan.org
aynda97@yahoo.com


# باڵندەیەکی بچوکی دەنگخۆش قورئان دەخوێنێت

**ئاینده: دیداری گەشاو ئیسماعیل**......................

چ نمایشێک لەوە جوانتــــرو لەوە قەشەنگ ترە، کاتێک کردگاری مەزن پارچەیەک لە جەستەی لای خۆی دانـــــــاوە، ئەویش عاشقانە لە عەشقی ئەودا وەک مەلەوانێـــــکی لێزان، وەک ئەکتەرێکی لێهاتوو نامەکەی لەبەر دەکاتو کۆلانەکانی مێشکی پێ ئاوەدان دەکاتەوە، تا دواساتەکانی تەمەنی سرودی خۆشەویستی بۆ پەروەردگاری دەڵێتەوە...

ئێمە دەمانـــەوێت لێرەدا سەفەرێک بە ناو کوچەکانی ڕوحی ئەو منالە حـــــەوت ساڵانەدا بکەین کە هێشتا چاوەکانـــــی لە تاریکیدا بۆ دوور دەڕوانێت، ئەو ناوی (مەڕوان ئەنوەر محەمەد) ە عاشقی قورئانـــــەو لە زەرایەن دادەنیشێت، هەرچەندە منالێکـــی نابیـــنایە، بەڵام خاوەن زهنێکی کـــراوەیە بۆ لە بەرکردنی قورئانی پیرۆز. مەروان پێی وتین: "سوپاسی خوا گیان دەکەم



کە فێری قورئانەکەی خۆی کردووم".

شیلان ناوی ئەو خوشکەیەتی کە هەمیشە بە قوربانی ئەو دەبێتو ئامێزی میهرەبانی بۆ دەکاتەوەو دەستی دەگرێت تا بەردەم مامۆستایی قورئانەکەیو پاشان ماچی نێوچاوانی دەکاتو دەیهێنێتە ماڵەوە. ئەو جوزئی (عم)ی بە باشی لەبەرە، کاتێک بە ئاوازە ناسکەکەی خوێندی چاوانی ئێمەی پڕکرد لە گریان، ئەوەش بەرهەمی مامۆستاکەی (سەید محەمەد تاوگۆزی)یە کە یارمەتی ئەم دەدا لە بۆ ئەم مەبەستە.

وەک هەر منالێکی تر، مەروان حەزی لە یاری کردنە، بەتایبەت یاری دووگۆڵیو هاندەری بەرشەلۆنـــــەشە، پێی وتین کە بیرمان نەچێت بنوسین: "مەروان حەزی لە شیر مۆزە، لە ماڵەوە بە سێت بۆی ئەکرن". خەونی ئەو پاساریە بچکۆلە قسەخۆشـــــــە لە بەرکردنی قورئانە بە تەفسیرەکەشیەوە، تۆبڵێی چارەنووس چی بۆ ئەم باڵندە دەنگ خۆشە بڕیاردا بێت ...

# "لـــە هـــەر بـــاخـــەو گـــوڵێـــک"

**و: سازان حەمە علی** ....................................

*ئامۆژگـــــاری: بە سەرنەکەوتنو تەنگو چەڵەمەی بەرامبــــــەرت شاد مەبە، چونکە تۆ نازانی ڕۆژگـــــار چیت بەسەر دێنێت.

*ژیانی دنیا: بریتیــــیە لەتەمەنێکی کەم کە لای خوای گـــــەورە چاو تروکانێکە، وە خـــۆشیو لەزەتەکانی کەمن بەرامبـــەر بەو نیعمەتانەی کە لای پەروەردگـــــارن، جا ئاقـــڵو ژیر ئەو کەسەیە کە موحاسەبەی خۆی دەکات لەسەر ئەو تەمەنی کە بەزایەو بێسوود بەڕێیــــــکردووە.. وە هەندێک پیاو چاکان بە (برق) باسی دنیایان کــــردووە کە هەندێکـــــجار ڕووناک دەبێتو دوایی دەڕوات.

*ڕەوشت جوانی: باشـــترین شت پێشکەش دوژمنەکـــــەتی بکەی لێبـــووردنە، وە بۆ ناحەزت نەرموونیـــانی، بۆ هاوڕێت دڵپاکیو بێگەردی. هەروەهـــــــا بۆ دایکو باوکـــت نمـــــوونەی ڕەوشـــــت بەرزی کە شانازیت پێوە بکەن، هەروەها بۆ منداڵـــەکانت نموونەی پێشەنگـــــی باشو بۆ نەفـــسی خۆت ڕێزو گوتەت، وە بۆ سەرجــــــەم خەڵکی خۆشەویستی.

*کامەرانی: لەدڵی ئەو کەسانە جێگیرە کە قەناعەتیان هەیەو بەبەشی خۆیان ڕازینو سوپاسگوزارنو خاوەن ئیمانی تەواونو دەزاننو دڵنیان کە ئەوەی خوای گەورە بۆی نەنووسیبن هەرگیز نایەتە ڕێگەیان.

*ئارام گرتن: لەحەوت ڕەوشت دوورکەوەرەوە دڵو دەروونت ئارام دەبێ.

١) ئەوەی لەدەستتچووە بۆی خەمبار مەبە.
٢) خەمی ئەوەت نەبێ کە ئێستا بۆت نەبووە.
٣) لۆمەی خەڵکی مەکە لەسەر شتێک کە لە خۆتدا هەبێت.
٤) حەزو ئارەزووی شتێک مەکە کە موڵکی خۆت نییە.
٥) داوای پاداشتی کارێک مەکە کە نەتکردبێت.
٦) لەیەکێک توورە مەبە کە بە توورەیت زەرەرمەند دەبێت.
٧) هەردەم لەسەرخۆو ئارامبە، چونکە بەرەکەی شیرینە.

*وتەی بەجێ: قسەو گوفتاری بڕواداری دڵسۆز وەک ڕووناکی تیشکی خۆرە کاردەکاتە سەردڵو دەروونو خوێنو زیندووی دەکاتەوە، هەروەک خۆر لەم دنیایەدا دەیکات.

پێغەمبـــــەر (ص) دەفەرمـــوێت "طوبی للمخلصین اولئك هـــم مصابیح الهدی تنتخیلی عنهـــم کل فتنه ضلحاء"، واتە: خۆشیو کـــامەرانی بۆ ئەو دڵســـــۆزانە، چـــــونکە وەک چرای پرشنـــــگدارن تاریکی دەبڕن..



# نامەی کراوە

## نامەیەک بۆ دایکی خۆشەویستم

سڵاوت لێبێت... ئەی میهرەبانترین مەخلوقی خوای گەورە، من لێرە لەنێو تەمی غەریبیدا و لەنێو جەنجاڵیەکانی ڕۆژگاردا، هەمیشە وێنەی تۆم لەبەر چاوە، وامەزانە کچەکەت تۆی لەیاد چووە،نا... بۆساتێکیش وێنەی دورگەی چاوەکانتم لەیاد ناچێت، بەیانیان لە م باڵکۆنی غەریبییەوە هەناسە هەڵئەمژم هەست دەکەم، هەناسەی تۆی تێکەڵە، بەلای هەرباخچەیەکدا تێدەپەڕم و گوڵێکی جوان دەبینم، وادەزانم تۆی لەگەڵما پیاسە دەکەیت،

ڕوخساری هەر ژنێکی بەتەمەن ببینم، پڕبەدڵ حەزدەکەم دەستەکانی ماچ بکەم، چوونکە دەستە زبرەکانی تۆم یاد دەخەنەوە...

دایکی ئازیزم...

دەنگت لەمۆبایلەکەمەوە دەبیستم،تەزویەکی شادی و هیوا بەخوێنمدا دەگەڕێت، خۆزگە دەخوازم خودا بۆساتێک بمکاتە چۆلەکەیەک، وەک پاڵەوانی ئەوچیرۆکانەی بۆت دەگێڕامەوە، هەڵفڕم و بێم لەمدیو پەنجەرەکەتەوە تێر لەزەردەخەنەکانت بڕوانم،

دایە گیان...دووری تۆهەموو جوانیەکی هەندەرانی لەبەر چاوانم تاڵکردوە، لەبیرمە چ قەڵغانێک و چ قوتابخانەیەک بوویت بۆم، هەمیشە دەتوت سەرکەوتنی تۆ سەرکەوتنی منە، من تائێستاش خۆشەویستی تۆیە سەرکەوتنی لە دڵما شیرین کردوە،لەیادمە لەڕۆژگاری شەڕو نەهامەتیەکاندا،لەگەڵ یەکەمین ناڵەی بۆردومان باوەشت بەمندا دەکردو خۆت دەکردە قەڵغان و دەترفاندم بوژێرزەمینی ماڵە دراوسێکان،ڕۆژانی گەشت و سەیرانی قوتابخانەش حەزت دەکرد بوخچەیەکم بۆبپێچیتەوە هەموو خواردنەکانی سەرزەوی تیادابێت.

لەیادمە لەسەر بەرماڵ چون دەستەکانت بۆبارەگای خودا بەرز دەکردەوەونزای خێرت بۆدەکرم.

دایە گیان... بزانە مرۆڤەکان قەد نەیانتوانیوە پاداشتی دایکەکانیان بدەنەوە، هەربۆیە جارێکی ترپێویستیان بە دەریای پڕلەمیهرەکەی ئێوەیەو پێتان دەڵێن لێمان ببورن، منیش دەڵێم دایکە گیان لێم ببورە کەبەدووریم خەمێکی سەوزم لەناختا ڕواندووە، دایکە گیان ئەزانم ئێستا دووری من وەک گوڵە لاولاوێکی ژاکاوی لێکردوویت، بزانە منیش لەدوریتا دڵم بۆتە هێلانەی خەم.

ئاخۆکەی بێت وەکو جاران بۆنی هەناسەی تۆبگرم پێمخۆشە بۆمردنیش بێ بێمەوە لەلای تۆبمرم دایە شنەبای هیچ خاکێک پرسۆز نیە وەک هەناسەت ئەترسم نەتبینمەوە سەربنێمەوە بەتاسەت.

# چیرۆکی پەندئامێز

# لـــەو بـــەرد

**و: ئارەزوو عوسمان** ...................................

ڕۆژێکیان دوو هاوڕێ بەناو بیابانێکدا پیاسەیان دەکرد، لەو گەشتەیاندا کەوتنە گفتوگۆ کردن لەسەر چەند بابەتێک، لەو کاتەدا یەکێکیان زللەیەکیدا لە دەمو چاوی هاوڕێکەی، زۆر ئازاری پێگەیاند، بەڵام هیچی نەوت، چوو لەسەر لمێک نوسی (ئەمڕۆ نزیکترین هاوڕێم زللەیەکی لەدەمو چاومدا). بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن هەتا گەشتنە مێرگێک لەوێ بڕیاریاندا مەلە بکەن، ئەوەی زللەکەی لێدرابوو نقوم بوو لەناو قوڕاوەکەداو نەیتوانی بجوڵێت، بەڵام هاوڕێکەی تری ڕزگاری کرد، ئەمجارەیان چوو لەسەر بەردێک نووسی (ئەمڕۆ نزیکترین هاوڕێم ژیانی ڕزگار کردم).

ئەو هاوڕێیەی کە زللەکەی لێدا پرسیاری کرد وتی : باشە من کە زللەکەم لێدایت لەسەر لم نوسیت، بەڵام ئێستا لەسەر بەرد دەینوسیت، بۆچی؟!!

هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە وتی: (کاتێ یەکێک ئازارمان دەدات، دەبێت لەسەر لم بینوسین، بۆ ئەوەی بای لێخۆشبون بیسڕێتەوە لەگەڵ خۆی، بەڵام یەکێک چاکەیەکمان لەگەڵ دەکات پێویستە لەسەر بەرد هەڵبکەنین بۆ ئەوەی هیچ بایەک نەیسڕێتەوە).

کەواتە دەبێت: فێربین بۆ ئازارەکان لەناو لمداو بۆچاکەکان لەسەر بەرد بیاننوسین.